# تەوەرێک لە سەر نەخۆشیەکانی گوورچیلە

Nephrotic disease


***بەشی چوارده و کۆتایی ئەم تەوەره***

گوڵاڵە پشدەری
Qualified Nurse



پێرست

1- گوورچیلەکانت زۆر گرنگن بۆ ژیان
2- گوورچیلەکانت چۆن کار ئە کەن؟
3- توێژینەوە و لێکۆڵینەوە لە بارەی گوورچیلەکان
4- گوورچیلەکان و بەرز بوونی پەستانی خوێن- Hypertension
5- گوورچیلەکان و نەخۆشی شەکرەی خوێن- Diabetes
6- گوورچیلەکان، نەخۆشی گوورچیلەکان و توواناى زاوزێ- Fertility
7- کێشەی ویراسی بلۆقە کان-کیسەکانی گوورچیلە - Genetic Kidney Cysts
8- بەردی گوورچیلە- Kidney Stone
9- التهابی ڕێگای میز-Cystitis Inflammation&Urethritis Inflammation
10- التهابی بەشی پاڵاوگەی(فیلتەری) گوورچیلە- Glomerulonephritis
11-لووی گوورچیلە-Kidney tumor
12- کەمتر کارکردنی درێژخایەنی گوورچیلە- Chronic Renal failure / kidney failure
13- پاڵاوتنی خوێن-Dyalese
14- گۆڕینی گوورچیلە- Kidney Transplantation





Kidney transplantasion

گۆڕینی گوورچیلە بە ڕێگای نەشتەرگەری


1-گوورچیلەکانی خۆی نەخۆش

2- گوورچیلەی نوێ

3- میزڵدان

Kidney_Transplantasion

<u>گۆڕینی گوورچیلە مانایەکی باشتر ئەدات بە ژیان</u>



ئەگەر گوورچیلەکان کاری خۆیان نەکەن یان سستکار بن ئەوە ڕێگای دیالیز کردن چارەسەرییەکی باشە.هەرچەندە زۆربەی نەخۆشەکانی کە دیالیز ئەکەن تا ڕادەیەک ژیان

دەبەنە سەر، بەڵام گرفتەکانی زۆرن و ئەوە ئەرکێکی یەکجار زۆر ئەخاتە سەر نەخۆش و ژیانی ڕۆژانەی تا ڕادەیەک بۆ دژوار ئەکات. ئینجا بۆیە زۆربەی نەخۆشەکان بە دوای پلانی گۆڕینی گوورچیلەدان چۆنکە ئەم چارەسەرییە ڕەنگێکی تر ئەدات بە ژیان.
بە گویرەی سەرچاوەکان دیارە کە بۆ یەکەم جار گۆڕینی گوورچیلە لە ساڵی 1906 دا کرا کە ئەوکاتە سەرکەوتوو نەبوو بە هۆی لە بەینچوونی(تێکچوونی) گوورچیلە نوێیەکە.

دیسان لە ساڵی 1954 دا یەکەم نەشتەرگەری سەرکەوتوو لە **Boston** کە پزیشکی بە ناوبانگ کە خەڵاتی نۆبڵی پێ بەخشرا **Dr. Murphy** بوو کە گوورچیلەی لە برا جمکەکەی ساغی نەخۆشەکە وەرگرتبوو.
ئێستا لەم سەردەمەدا ئەگەری لە بەینچوونی گوورچیلەی گۆڕدراو کەم یان زیاد لە ڕێژەی 20% دایە و ئەگەری(شانسی) مانەوەی نەخۆش لە ژیاندا دوای پێنج ساڵ نەشتەرگەری لە 80% دایە و 70% بۆ ئەوانەی کە نەشتەرگەری دوو ئۆرگان(گوورچیلە و پانکریاس، دڵ ، جەرگ ، سییەکان )ئەکرێن.
وەکو باسمان کرد بە ڕێگای دیالیزەوە 8% تا 10% لە رۆڵی ئاسایی گوورچیلە وەردەگیردرێت (کارەکەی تا ئەم ڕادەیە سووک ئەبێتەوە). ئەمە بەشی هەڵسووڕاندنی مانەوەی لە ژیان ئەکات بەڵام بەشی تەندردووستییەکی باش و پێویست ناکات.
لەڕیگای گۆڕینی گوورچیلە نەخۆش گوورچیلەی نوێی بۆ دادنرێت.ئەگەر ئەم گوورچیلەیە بە باشی کار بکات ئەوە بە مانای ئەوەیە کە کاری گوورچیلەی لە ڕێژەی 50% دایە.ئەوە زۆر جیاوازە(بەرزترە) لە ڕێگای دیالیزە کردن.لە دیالیز دا ڕادەی کاری گوورچیلە زۆر نزمە و کێشەکان و دژوارییەکانیش هەر بەردەوام ئەمێننەوە و بە هۆی کەمکارکردنی گوورچیلە هەروەها ڕەوشتی گشتی تەندرووستی نەخۆش بەرەوە دوواتر ئەچێت بەپێچەوانە بە گۆڕینی گوورچیلە ئەوە باشتر ئەبێت.
ئینجا خشتەی داڕێژراوی ڕۆژانەی دیالیزە کردن لا ئەبرێت بەڵام لە ڕێگای گۆڕینی گوورچیلە ئەگەری ئەوە هەیە کە گوورچیلە نوێیەکە تێکبچێت و نەخۆش ئەبێت بۆ بەرگری لەم گرفتە بەردەوام هەندێک دەرمانی بەهێز بەکار بهێنێت.

## کام نەخۆشانە بۆیان هەیە گوورچیلە بگۆڕن؟

ئەگەر هەل و مەرج ڕێگا بدات یان کێشەیەکی گەورەتر لە ئارادا نەبێت ئەوە هەر نەخۆشێک کە دیالیز ئەکرێت بۆی هەیە گوورچیلەی بگۆڕێت.
گرنگترین خاڵ کە ئەم نەشتەرگەرییە دژوار ئەکات بە شێوەیەکی گشتی ڕەوشتی نالەباری تەندرووستی نەخۆشە.
هەرچەندە لێرەدا تەمەن پێوەر نیە بەڵام زۆربەی نەخۆشە بە ساڵاچووەکان نەخۆشی و گرفتی تەندووستی زۆر زیاتریان هەیە تاکو گەنجەکان. ئینجا ئەمە ئەگەری سەرکەوتن لە نەشتەرگەرییەکەدا کەمتر ئەکاتەوە.
هەندیک لە نەخۆشییەکانی گوورچیلە لە هۆکاری هەندیک نەخۆشی ترەوە پەیدا ئەبن وەکو نەخۆشی شەکرە.
بە دوای نەخۆشی شەکرەوە زیاتر نەخۆشییەکانی دڵ-بۆڕییەکانی خوێن درووست ئەبن ئینجا ئەمە هۆیەکە بۆ ئەنجام نەدانی نەشتەرگەری گۆڕینی گوورچیلە. زۆر بە کەمی ڕوو ئەدات کە گوورچیلە- پانکریاس هاوکات ئەگۆڕدرێن.

هەروەها زۆرجار دووبارە بوونەوەی هەو کردن- چڵکی بوونی ڕێگای میزەڕۆ هۆیەکە کە نەشتەرگەری گۆڕینی گوورچیلە نەکرێت.
بە گوێرەی هەبوونی ئەم هەموو کێشانە باشتر وایە بڕیاری نەشتەرگەری ڕەد بکرێتەوە. هەروەها ئەم نەخۆشانەی کە ئەگەری ریسکیان هەیە لە نەشتەرگەریدا، دێنە سەر لیستی چاوەڕوانی بۆ گوورچیلەگۆڕین.
کێ بیەوێت گوورچیلەی بەخشییو( Donorkidney ) ی پێ بدرێت ئەوە ئەبێت لە لایەن پزیشکەوە ناسیاندرابێت بە Eurotransplant in Leidn (لە هۆڵاندا). ئەم ڕێکخراو- ئۆرگانیزاسیۆنە بە نوێنەرایەتی
Nederlandse Transplantatie Stichting واتا دەزگای ترانسپلانتی هۆڵەندی گشت داواکارییەکان و چ ئۆرگانێک(گوورچیلە،دڵ،جەرگ،سییەکان...) لە پێشنیار دا هەبێت لە هۆڵاندا و لە پێنج وڵاتانی تر ڕیک ئەخا ت.
هەر کەسێک گوورچیلەی نوێی پێویست بێت ئەوە ئەبێت لە لیستی چاوەروانی دا بێت.

## توێژینەوە پێش نەشتەرگەری گۆڕینی گوورچیلە

لە پەنای توێژینەوە لە بارەی رەوشتی گشتی تەندرووستی نەخۆش، توێژینەوەی بە وردی لە سەر دڵ- بۆڕییەکانی خوێن، کام جۆرە گروپ خوێن پێویستە و شێواز-جۆری شانەکان ئەبێت دیار بن. بۆ مەبەستی بەرگری لە تێکچوونی گوورچیلە نوێیەکە ئەبیت لێکۆلینەوە لە سەر شانە بکرێت، هەوڵ ئەدرێت شانەکەی بەخشێنەر( Donor ) و وەرگری گوورچیلەکە تا بکرێت لەیەک بچن. ئەم توێژینەوەیە Tissue-type(describe) پێی ئەڵێن. ناسینی شێوازی ئەم جۆرە شانەیە لە سەر بنەمای هی ئەم گروپە شانانە ئەکرێت کە لە سەر خڕۆکەسپییەکانی خوێن هەن Human leukosyte Antigenen
هەروەها سەیری ئەکرێت کە کەسەکە مادەی بەرگری لە خوێندا هەیە یان نە چۆن ئەمە کاریگەری هەیە لە سەر سەرکەوتن لە نەشتەرگەرییەکە دا. لە گەڕان بۆ گوورچیلەی نوێ ئەم خالە ڕەچاو ئەکرێت.

## Registation by Eurotransplant

## تۆمارکردنی ناو لە ئێرۆترانسپلانت

هەر کاتێک کە سەرجەم توێژینەوەکان بە ئەنجام گەیشتن و نەخۆش بە شایەست زانرا بۆ گۆڕینی گوورچیلە، ئەو ناوی تۆمار ئەکرێت وەک " Transplantable " لە سیستەمی کۆمپیوتەرەکانی Eurotransplant . ئەمە لە بەشی تایبەتدا دابەش ئەکرێت لە سەر بنەمای چۆنییەتی گروپی خوێن،چۆنیەتی جۆری شانە و هەبوونی مادەکانی بەرگری لە خویندا.
هەرکاتێک گوورچیلەیەکی بەخشراو ئامادە بوو ئەوە یەکسەر توێژینەوە لە سەر جۆری شانەکەی ئەکرێت Tisssue-type لە سەر بنەمای لەیەکچوونی گوورچیلەی وەرگر و هی بەخشراو هەڵبژاردن ئەکرێت و ئەوەی کە لە گشتیان گوونجاوتر بێت ئەویان هەڵ ئەبژێردرێت.
بۆ گووڕچیلەگۆڕین هەروەها چەند "ماوە " نەخۆش لە لیست دابووە(ماوی چاوەروانی) ڕەچاو ئەکرێت.

## چاوەروانی کردن بۆ گوورچیلەی بەخشراو

ڕێژەی گوورچیلەی بەخشراو کەمە. ئینجا بۆیە خەڵک ئەبێت ماوەیەکی زۆر چاوەڕوان بن بۆ گۆڕینی گوورچیلە.
کەی نەخۆش وەری ئەگرێت ئەوە پەیوەستە بە چەند فاکتۆرێک وەکو چەندە گوورچیلە پێشنیار ئەکرێت یان بەخشراو هەیە، جۆری شانە و مافی پێشخستن( Urgency ). لەوانەیە نەخۆش ناوی لە سەرەوەی لیستەکەدا بێت بەڵام لەمکاتەدا گوورچیلەی شایست بۆی ئامادە نەبێت.ئەوەی تر لەوانەیە تازە ناوی تۆمار کرابیت بەڵام گوورچیلەی شایست بۆ ئەو ئامادە بآێت و زوو نەشتەرگەرییەکەی بۆ بکرێت.
بە ئاسایی ماوەی چاوەڕوانی چوار تا چوارساڵ و نیوە.چاوەڕوانی هەندێک پەرێشانی و هەیەجان درووست ئەکات چۆنکە نەخۆش بەردەوام ئەبێت ئامدە بێت بۆ ئەگەری بانگهێشتنی بۆ نەشتەرگەری.بناگهێشتکردن هەمیشە کت و پڕە و گوورچیلە بەخشراوەکە ئەبێت زوو دابنرێت ئینجا بۆیە پەلەکردن لەم کارەدا زۆر گرنگە.

## بانگهێشت کردن

هەر کاتێک نەخۆش بانگهێشت کرا ئەبێت بە پەلە خۆی بگەیەنێتە نەخۆشخانە بۆ ئامادەکاری. لەوێ دیسان هەندێک توێژینەوەی بۆ ئەمجام ئەدرێت.گرنگترینیان دەستنیشانکردنی جۆری گروپی خوێنە bloodtype ئەم تاقیکردنەوەی هەمیشە پێش نەشتەرگەری ئەکرێت بۆ ئەوەی بزانن جۆری خوێنی گوورچیلە-وەرگر و گوورچیلە- بەخشێنەر یەکتر ئەگرنەوە یان نە. دوای تاقی کردنەوە هەندێکجار دەر ئەکەوێت کە گوورچیلەکە دوای نەشتەرگەریش هەر تێک ئەچێت ئینجا لە کردنی ڕادەوەستن.
هەندێک جار نەخۆش لە بەر هەڵامەتێک (ئەنفلانزا) ئەنێردرێتەوەماڵەوە و بە دڵنیای نەشتەرگەرییەکەی بۆ ناکرێت.
ئەگەر هاتوو ئەم تاقیکردنەوەی خوێن و سەرجەم بوارەکانی تر گوونجاو بوون ئەوە نەشتەرگەرییەکە دەستپێ ئەکرێت.

## گوورچیلەگۆڕین

شێوە تەکنیکیەکەی نەشتەرگەری گوورچیلە سەخت نیە.گوورچیلە نوێیەکە لەزگدا "بەشی خواریێ" دادەنرێت و پەیوەند ئەکرێت بە میزڵدان. لە زۆر حاڵتەدا گوورچیلە کەی پێشوو (خۆی) ئەمێنێتەوە و لای نابەن، بەڵام ئەگەر هەوی کردبێت، زۆر گەورە بووبێت یان ئەگەرببێتە هۆکاری لە دەستدانی خوێن ئەوە دەردەهێندرێت.

## دوای گۆڕینی گوورچیلە

دوای 2-4 ڕۆژ گشت سۆندە و ئاوی تایبەت بۆ لەش –فیزیۆلۆژی( Intravenous thrapy) دەوەستێنن و نەخۆش ئەکەویتە سەر پیی خۆی و سێ لە نێوان چوار نەخۆش گوورچیلەکەیان لە نێوان دوو تا سێ ڕۆژ بە کار ئەکەوێت.
هەندێک جاریش رووی ئەدات کە گوورچیلەکە کار نەکات. مانەوە لە نەخۆشخانە ی نەخۆشەکە بە لایەنی کەمەوە دوو تا سێ حەفتەیە و لە ژێر چاودێری دایە.

## تێکچوونی گوورچیلە


بە ئەوەی کە ئەم هەموو توێژینەوە و وردەکارییە ئەکرێت لە پێش هەڵبژاردنی گوورچیلەکە هێشتاش ئەگەری ئەوە هەیە کە گوورچیلەکە تێک بچێت دوای نەشتەرگەری. یەک لە سەر چوواری ئەم نەخۆشانە ئەوەیان بەسەر دێت.

لە حاڵەتی تێکچوونیدا گوورچیلەکە تووشی سستکاری ئەبێت و یان هەر ڕادەوەستێت. نیشانەکانی ئەم گۆڕانکارییە کەمبوونەوەی میز Oliguria و بەرزی پەستانی خوێنە Hypertansion.

وەک نیشانە کەم دێتە پێش ئەگەر دەرمانی نوێ بەکار بهێندرێت. زۆرجار بە بەکارهێنانی دەرمان ئەتواندرێت بەرگری لە تێکچوونی گوورچیلەی نوێ بکرێت. ئەگەر ئەو بەرگرییە نەکرا ئەوە گوورچیلەکە لە کار ئەکەوێت.

دوای ساڵێک پاش نەشتەرگەری 80% لە گوورچیلەکان کار دەکەن. دوای پێنج ساڵ ئەم ڕێژەیە لە 50% دایە.

ئەگەر گوورچیلە گۆڕاوەکە کار نەکات ئەوە پێویستە نەخۆش دیسان بگەڕێتەوە بۆ تە کنیکی دیالیزە کردن و دیسان خۆی ناونووس بکاتەوە بۆ جارێکی تری گۆڕینی گوورچیلە و چاوەڕوان بمێنێت. بۆ دووەم جار گۆڕینی گوورچیلە هەر ئەو ئەگەرەی سەرکەوتنی هەیە کە جاری یەکەم بۆی کراوە. هەندێک نەخۆش جاری سێەم و هەندێکیش جاری چوارەمیان پێویست بە گۆڕینی گوورچیلە هەبووە.




Het percentage goed functionerende postmortale donornieren na één en vijf jaar. Bij familietransplantaties zijn de percentages hoger.

## بەرگریکردن لە تێکچوون

ڕەنگدانەوەی تێکچوون لەوانەیە زوو ڕوو بدات، لەوانەشە دوای ساڵانێکی زۆر.

بۆ بەرگریکردن لە تێکچوونی گوورچیلەکە هەر لە سەرەتاوە هەندێک دەرمان ئەبێت بەکار بهێندرێن وەکو

Prednison,ciclosporine(Sandimmuc®,Neoral®),tracrolimus(Prograft®),
Azathioprine(Imuran®) of mycofenolat mofetil(Cellcept®)

دەرمانەکان ڕۆژبەڕۆژ بەرەو کوالیتی(جۆری) باشتر دێنە بازاڕ.

بە گوێرەی چۆنییەتی کار کردنی گوورچیلە دەرمانەکان بەرە بەرە کەم ئەکەنەوە.

## بەخشێنی گوورچیلە Donor

بە دوو شێوە ئەبێت. گوورچیلە لە وانەیە ی کەسێک بێت کە کۆچی دوایی کردبێت و یان هی کەسێکی زیندو بێت، بەخشێنەری زیندو زیاتر یەکێک لە کەس و کاری نزیکی نەخۆشە.
هەر هاووڵاتییەکی هۆڵەندی لە سەرووی تەمەن 18 ساڵ نامەی بۆ دێت بەم پرسیارە کە ئە یەوێت ببێتە بەخشێنەر یان نە(Donor ).ئەگەر کەسەکە خۆی هیچ هەڵوێستێکی نەبووبێت ئەوە پاش مردنی ئەم پرسیارە ڕووبەڕووی کەس و کاری ئەبێتەوە و ئەوان ئەتوانن بڕیار بدەن.
گوورچیلەکان ئەوکاتە لە لاشە دەردەهێندرێن کە مرۆڤ بە دڵنیایی بزانیت کە کەسەکە( Donor ) مردووە .
لە هۆڵەندا لەم بارەوە هەندێک یاسا و وردەکاری زۆر توند هەن کە بە قووڵی ڕەچاوی ئەم پرۆسەیە ئەکرێت.
لێرەدا پێویست ناکات مرۆڤ مەترسی ئەوەی هەبێت کە گوورچیلەکان دەردەهێندرێن ئەو کاتەی کە هێشتا ئەگەری ژیان لە کەسەکەدا ماوە!(دوای مەرگ دەریان ئەهێنن).

## وەرگرتنی گوورچیلە لە (هاوسەر،خێزان یان کەس و کار)

وەرگرتنی گوورچیلە لە هاوسەر، خێزان یان کەس و کار کە هێشتا لە ژیاندایە ئەکرێت. ئەگەر یەکێک کە لە ژیاندا ماوە و گوورچیلەیەکی خۆی ئەبەخشێت ئەو کەسە ئەتوانێت بە یەک گوورچیلەش ژیان بە باشی بباتە سەر.
خاڵێکی ئەرینی ئەمە لەوەدایە کە وەرگرتنی گوورچیلە لە کەسی" خۆ" ئاسانکاری هەیە وەکو شیوە و نیشانەکانی شانە Tissue-type هی گوورچیلە- وەرگر و گوورچیلە-بەخشێنەر لە زۆر لایکەوە یەکسانە. هەندێک کێشەی توێژینەوەی زیادە و وردەکاری پێویست ناکات.هەروەها ئەگەری کەمتری هەیە بۆ تێکچوونی گوورچیلەکە دوای نەشتەرگەری یانی سەرکەوتن زیاتر بەدەست دێت.
"کوالیتی" جۆری دەرمانەکانیش کاریگەری باشی هەیە لە سەر بەرگری کردن لە تێکچوونی گوورچیلەی نوێیەکە.
گوورچیلەی هاوسەر یان هاوڕی لەوانەیە نیشانەکانی شانەکە Tissue لەیەکتر دووربێت بەڵام هەر باشترە لە هی ئەوەی کە مردووە و ماوەیەکی زیاتر لە ڕێگا دایە و ڕاگیراوە و ئەگەری تێکچوونی زیاترە لە ئەوەی هاوسەر یان هاوڕێ.

یەک خاڵی گرنگ هەیە بۆ ئەم کەسانەی کە گوورچیلە ئەبەخشن لە چارەسەری دیالیزە دووری بکەن.
لێکۆڵینەوە وای دیار کردووە کە گۆڕینی گوورچیلە پێش ئەوەی کە دەست بە چارەسەری بە ڕێگای دیالیز کرابێت
ئەوەی کە پیی ئەڵێن: pre-emptive transplantasion ، کاریگەری باشتری هەیە بۆ سەرکەوتن لە دوای نەشتەرگەری.
دیاری کراوە کە مانەوە لە ژیاندا دوای گۆڕین ماوەی زیاترە. ئەوەش زۆر گرنگە کە کەسی گوورچیلە- بەخشێنەر بە دڵنیای ئەو بڕیارەی دابێت و نەک بە پەستانی دەوروبەر ویان لە بەر هەر هۆیەکی تر.
چۆنکە گووڕچیلە بەخشین کارێکی ئاسان نیە، نە بە لایەنی جەستەیی و نە دەروونیەوە.

کۆتایی  بابەتی گوورچیلەکان

سەرچاوەکان:


ک/ U en Uw Gezondheid نووسینی drs. Luc De Vries & drs. Sandra Schrooyen
www.nierstichting.nl
www.wikipedia.nl
http://www.roche-hiv.nl/ziektebeeld/transplantatie/index.htm
http://www.nlm.nih.gov/medlineplus/kidneytransplantation.html



gulala pshdery
Holland
5 August 2007
Goli-67@hotmail.com